# خوێندنەوەی ئێستا، نووسینەوەی مێژوو!
# نووسینە کوردییەکانی کەمال میراودەلی
# لە دەرەوەی وڵات

## (18) ئیمپریالیزم و مافی بڕیاردانی چارەنووس و کوردستان: بەشی یەکەم، پەیڤ، ژمارە 3 1986

بێگومان ئەمە ناونیشانێکی زل و قەبەیە و لەوە بەربڵاوتر و ، قووڵتر و گرنگترە نەك بە سیمینارێك بەڵکو بە چەند سیمینارێکیش دەرەقەتی بێین و.... هەرچۆنێ بێ لەوە دڵنیام کە ئەم کۆڕە چەند پرسیارێك لە مێشکی هەر یەکێکتاندا دروست دەکا... مەبەستی سەرەکیش هەر ئەوەیە: هەوڵ بدەین چەند پرسیارێك بپرسین و جەمسەری وەڵامەکانیان دەستنیشان بکەین.

پرسیارکردن لە وەڵامدانەوە گرنگترە... چونکە بەبێ پرسیاری زۆر، پرسیاری راست، پرسیاری مێژوویی، عەودال بوون بەشوێن وەڵامدا خۆی دەرناخات.

پرسیارکردنی راستیش، بەبێ تێڕوانینی راست و بیرکردنەوەی راست بەدی نایە....

تا زیاتر ببینین، زیاتر تاقی بکەینەوە، زانستانەتر بڕوانین و ئاسۆی سەرنج و لێکدانەوەمان فراوان بکەین، پرسیاری پتر، گرنگتر، ستراتیژی تر، خۆیان دەخەنە بەردەم خولیای مێشك و خەمی رۆژانەمان.

هیچ شتێ لەوە پڕ مەترسی تر نییە، لەوە گومڕاکەرتر نییە، وەڵامی ئامادە پێشکەش بکەین، یان خۆمان بەچەند وەڵامێکی کلێشەیی دیاریکراوەوە ببەستینەوە، بەبێ ئەوەی لەهەر قۆناغ و پلە و بازدانێکی مێژوویی نوێدا، پرسیاری راست و پێویست بکەین، بەبێ ئەوەی پرسیاری نوێ بێنینە ئاراوە... بەبێ ئەوەی بە پرسیارە کۆنەکاندا بچینەوە و ، لەنوێ دایان برژێینەوە.. ئێمە چین؟ کوێندەرین؟ لە کوێ وەستاوین؟ رێگا و رێبازمان کامەیە؟ لە چ جیهان و سەردەمێکدا دەژین؟ سوێنی ئێمە لە رێرۆی مێژوو – و خەباتی مرۆڤایەتیدا کامەیە؟ بۆچی لە قۆناغێکی مێژوویی یەوە تا قۆناغێکی مێژوویی دی، دەردەکانمان خەتەرناك تر دەبن، ئازارەکانمان کوشندەتر، هەرەشەی تواندنەوە و لەناوبردن توندتر و کاریگەرتر دەبێ؟!

بۆچی لە هەندێ هەل و دۆخدا، لەهێزەوە بۆ بێ هێزی و لە رۆخی سەرکەوتنەوە، هەرەس دێنین؟!

چار چییە؟! دەبێ چ بکەین؟!

ئەمە ئەو پرسیارەیە کە هەموو پرسیارە ستراتیژییە گرنگەکان، هەموو ئیحتیمالاتەکانی مێژوویی، لە خۆیدا کۆ دەکاتەوە! چار چییە؟!
ئەمە ئەو پرسیارەیە هەر نەتەوە گەل و گرۆیەك، لە قۆناغی جیا جیای مێژوودا لە خۆی دەکا، یان دەبێ لە خۆی بکا.. بەتایبەتی لەو قۆناغە مێژوویی یە ناسکانەدا کە مەترسی داگیرکەران هەرەشە لە بوون و مانی دەکا.. کە خۆی لەبەردەم دووریێیان و بێ سێ رییانی مێژوودا دەبینێتەوە...
ئەم پرسیارە خۆی لەخۆیدا راستییەکی گرنگی سەبارەت بە سرووشتی مرۆڤ و خەباتی مێژوویی گەلان حەشار داوە:
مرۆڤ بەوە لە ئاژەڵ جیایە کە تێدەگا، کە بیر لە ئایندە دەکاتەوە، کە لە بریقەی چاوی کۆرپەکانییەوە خەمی پاشەرۆژ هەراسانی دەکا، کە دەتوانێ لە یاسایەکانی پەرەسەندن و گۆڕانەکانی جیهان حاڵی بێ، کە دەتوانێ پێشبینی رووداوەکان بکا و چارەسەری بۆ گیروگرفت و شکستییەکان بدۆزێتەوە؟!
بەکورتی: کە دەتوانێ نەخشەی ژیان و هەڵوێست و کرداری بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بکێشێ. گەلانی زیندوو، گەلانی خاوەن سیاسەتی ژیرانە و هۆشمەندانە، ئەوانەن نەخشەی درێژخایەن بۆ پاشەرۆژ هەیە و بە باوەڕ و دڵنیایی یەوە بەرەو رووی هەر گیروگرفت و کارەساتێکی رەچاوکراو و یان رەچاونەکراو دەوەستن و لەبەردەم هەوراز و دژواریی مێژوودا، دۆش دانامێنن و خۆیان نادەنە دەست قەزا و قەدەری ڕۆژگار، یان کارەسات و پیلانی دیار و نادیارەوە.
**به پێچەوانەی ئەمەشەوە، گەلان و کۆمەڵانی دواکەوتوو، ئەوانەی درووشمی ( نان ئەو نانە، ئەمڕۆ لە خوانە) بەرز دەکەنەوە... ئەوانەن نە ئازایانە ئاوڕ دەدەنەوە، نە زیرەکانەش لە پێشهات دەڕوانن و نەخشەی بۆ دەکێشن...**
دەژین بەبێ ئەوەی بزانن چۆن، کار دەکەن ( یان ناکەن، بەبێ ئەوەی رێباز و ئەنجامیان لە لا روون بێ، خۆیان دەدەنە دەست شەپۆلی کارەساتەوە، بۆ بەهانە بۆ دۆزینەوە و پاکانە بۆ کردنی ئەم رێبازە چەوتەش: ئایدۆلۆژیەتی قەزا و قەدەر و ( کار نییە خوا چاکی نەکا) و ئینشاڵلا و سەبر و سێبووری.
یان چەند کلێشەیەکی ئایدیالیستی یا دۆگماتیکی بێ کاکڵ و ناووك و ناوەڕۆك دەکەنە بنێشتە خۆشەی ژێر ددان و دەیجوون و دەیجوون و دەیجوونەوە!!
لەم نێوانەدا: ئەوەی خۆی دەرناخا توانست و هێز و ووزەی مرۆڤە کە بەسەر کارەساتەکانی ژیاندا زاڵ بێ و بەرەو ئەو ئامانجانە شەتەکییان بدا کە خۆی دەیانخوازێ... ئەوەی خۆی دەرناخا و کپ و ژێر پێدرا و دەمێنێتەوە،

توانستی هەرەوەزیی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵانی خەڵکە کە خۆیان بۆ خۆیان چارەنووس و ڕێژیانی خۆیان بگرنە دەست و مێژووی خۆیان درووست بکەن...
مرۆڤ: درەختە کێوی نییە تا خۆی بداتە دەست یاسای سرووشت و ڕۆژگارەوە: لە بەهاراندا شین بێ و لە خەزانانی‌دا هەڵدەوەرێ.
مرۆڤ: ئاژەڵ نییە تا تەنیا تا ئەو ئاستە بڕوا و بڕکا کە غەریزەی مانەوە و خۆپارێزی دەیخوازێ.
بەڵام هێشتا لەم ئاخر و ئۆخری سەدەی بیستدا، لای زۆر کۆمەڵی دواکەوتوو: یاسای تەبیعەت، بیری خودا و قەزا و قەدەر و ئەفسانەی جۆراو جۆر و سەرنانەوەی بەداخەوەی ئەمڕۆ لە چاوەڕوانی بێ هودەی سبەینێدا، بۆتە یاسایەکی باو و مرۆڤی لە پەلوپۆ خستووە، بە تایبەتی لە مەودای بیرکردنەوە و نەخشە بۆکێشانی داهاتوودا، لە مەیدانی گۆڕین و پاڵپێوەنانی ڕێڕۆی مێژوودا.
نەخشەکێشان بۆ پاشەڕۆژ، بە مەبەستی گۆڕینی وەزعێکی ئێستایی و بەرەو پێش بردنی بەرەو بارێکی لەبار و ئاسۆیەکی ڕوونی دیار و دابین کردنی هەلومەرجی خەباتی شۆڕشگێرانە، کردەوەیەکی زانستیانەیە و بەر لە هەموو شتێك تێگەیشتنی تەواوی هەموو لایەنەکانی قۆناغی مێژوویی و چوارچێوەی جیهانیی و نێونەتەوەیی خەباتی شۆڕشگێرانەی گەرەکە.
ئەمڕۆ کار لەوە ترازاوە، هیچ گەلێك، گرۆیەك، کۆمەڵێك تەنانەت تاکە کەسێکیش بتوانێ بە تەنیا و دوور لە چوارچێوەی ڕێڕۆی تیکرایی مێژووی جیهان هەنگاو بنێ و هەناسە بدا و کار بکا و نەخشەی ئێستا و پاشەڕۆژی بکێشێ.
سەرەتاگە و بنچینەی یەکەم و زانستی تێڕوانینی مێژوویی ئەوەیە: هەموو دیاردە و رووداو و کارەساتەکانی جیهانی ئەمڕۆ بە شێوەیەکی تێك هەڵکێش و تێك هەڵکێش و یەکگرتوو ببینین: هیچ رووداوێك بە تەنیا و دوورەپەرێز لە سەرجەمی گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕ و بەربەرەکانی مێژوویی سەردەم روونادا.
بۆیە هیچ گەلێك ناتوانێ خۆی لەناو ئەشکەوتی دووره مەڵبەندی و تاکرۆیی و خۆ – خوازییدا حەشار بدا.
ئاگا نەبوونی هەر گەلێك لە رۆحی سەردەم و رەوتی رووداوەکانی لە ئاکامدا ئەو گەلە دەکاتە قۆچی قوربانی شانۆی یاری پێکردنی هێزەکانی جیهان خۆرو فاشیست..
رەوتی رووداوەکانی جیهان ئالوگۆرێکی مێژوویی بەردەوامە، کە بەربەرەکانییەکی بەردەوام درووستی دەکا.. ئەو حاڵەت و رواڵەتەی ئەو رەوتە بەدەستی دەهێنێ لە قۆناغێکی مێژوویی یەوە تا قۆناغێکی مێژوویی دی، دەگۆڕێن، بۆ نموونە: لە سەردەمی ئێستای ژیانی گەلاندا، هەر ئەو

هەلومەرجانە لە ئارادانین کە لە شەستەکانی ئەم سەدەیەدا لە گۆڕێ بوون. بەڵام هێشتا سرووشتی بەربەرەکانی سیاسی و ئابووری و سەربازی، لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە تا ئێستا نەگۆڕاوە.
ئەوەی ئەم حاڵەتەش دیاری دەکا: خەبات و هەوڵی بێ ووچان و فرەلایەن و جیهانگیرانەی رژێمی سەرمایەداری جیهانییە تا نەك تەنها لە کێشەو گیروگرفتە جەوهەرییە ناوەیی – یەکانی خۆی دەرباز بێ، بەڵکو رەورەوەی مێژووش بەرەو دواوە بگێرێتەوە و ئیمپریالیزم لە بەرگ و رەنگ و روالەتی نوێ و فریودەرانەدا، بەسەر گەلانی دنیادا بسەپێنێ و جیهان هەموو جیهان بخاتە ژێر سێبەری رەشی جەنگی نێو – ترۆنی و هەڕەشەی کۆتایی هێنان بە ژیانی مرۆڤایەتی لەسەر زەوی.
کەوایە هێشتا دیاردە و دەوری ئیمپریالیزم کلیلی تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی رێرۆ – و بار و دۆخی مێژووی ئەم سەردەمەی مرۆڤایەتییە.
ئەوەی گۆڕاوە تەکتیك و ستراتیژیەتی پراکتیس و کارپێکردنی ئیمپریالیزمە.
ئەوەی گۆڕاوە ، نەخشەی جوگرافی و جیۆپۆلیتیکی ستراتیژییەت و کارپێکردنی ئیمپریالیزمە.
ئەوەی گۆڕاوە: کەڵپە و ددان و چەنگ و نینۆکی ئەتۆمی و نیوترۆنی و لازەریی... و هتد ئیمپریالیزمە.
بۆیە لەم باسەدا دەمانەوێ لە پێناسەکردن و دیاریکردنی مانا و مەبەست و رێرۆی ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزمەوە دەست پێ بکەین.
تێگەیشتنی دیاردەی ئیمپریالیزم لە مێژوودا و دیاریکردنی شوێنی مێژوویی و جیوپۆلیتیکی کوردستان لە نەخشەی پرۆژەکانی ئیمپریالیستدا، مەرجێکی پێشینەیی سەرەکییە بۆ زامن کردنی تێگەیشتنی تەبیعەتی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلەکەمان و ئەو هۆکارانەی کاری تێ دەکەن و ئەو رێرۆ بابەتییەی مێژوو بۆی دیاری کردووە. دیارە باس کردنی مەسەلەی ئیمپریالیزم بەهیچ جۆرێ بەو نیازە نییە هۆکار و هەلومەرجە ناوخۆیی یەکان فەرامۆش بکەین، یان بیانوو بۆ ناتەواوی هەڵە و هەرەس و نووچ دانی خۆمان بدۆزینەوە... مەبەست پێکهێنانی روانگەیەکی دیالەکتیکی زانستانەیە سەبارەت بە رێباز و چوارچێوە ئاقاری پەرەسەندنی خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کوردستان لە پێناوی دیاریکردنی پاشەرۆژی خۆیدا – بە دەستی خۆی.